**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٤٤٥٦ لە ٢٠١٦/١٠/٢٥**

## بــڕیاری

## ژمارە (٩٣)ی ساڵی ٢٠١٦

پشت بەستن بەئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٦) لە بەرواری ٢٠١٦/١٠/١١ ، بڕیاردرا بە:-

١- پەسەندکردنی پرۆژەی (چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی ) کە بریتییە لە (٨) هەشت ستراتیژیی یەکانگیر لە بوارەکانی (بازاڕی کار ، خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی ، تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی ) بۆ (٥) پێنج ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان.

٢- ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی ئاماژە پێدراوی ئەم بڕیارە ، و پێویستە لەسەر وەزارەتی پلاندانان و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕاپۆرتی دەوری پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن لەسەر بەرەو پێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ستراتیژییەکان.

٣- ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەزارەتەکانی ( پلاندانان ، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ، دارایی و ئابووری ، پەروەردە ، تەندروستی ) و تیمی بانکی نێو دەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە .

٤- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**